کتێبی " **فراشة تنتحر بأسرها** " کۆمەڵەشیعرێکی شاعیر "جەماڵ غەمبار"ە بە زمانی عەرەبی. شاعیر هێندێک لە شیعرەکانی هەر بە زمانی عەرەبی نووسیوە و، هێندێکیانی لە بنەڕەتدا بە زمانی کوردی نووسیوە و پاشان بۆ سەر زمانی عەرەبی وەریگێڕاون. ئەم کتێبە، چاپی یەکەمە و ساڵی 2002 لە ڕێگەی دەزگای چاپەمەنیی " **المدى** "وە لە سووریا چاپ کراوە؛ نیگاری بەرگ، هونەرمەند "جبر علوان" کێشاویەتی (ISBN 2-84305-606-X).




شاعیر جەماڵ غەمبار، خەڵکی خوارووی کوردستانە. ئەم کەسایەتییە بەرابەرخوازە، لە بواری ڕاژەکردن بە وێژەی کوردی، خاوەنی جۆرەها هۆنراوەی بەپێز و جوانە، لەناو ئەوانەشدا شیوەنی ئەنفال و هەڵەبجەی شەهید کە جێگای شانازیی ئەو و سەرنجی خوێنەری کوردن. هاوکات، تەواوی سیاسەتە نامرۆڤایەتییەکانی قاتوقڕیی گەلەکەی لە لایەن داگیرکەرانەوە، وەک زۆربەی دەستڕەنگینانی تر، خستووەتە سەر کاغەز و بە زەبری جوامێرانەی وشەی ڕەسەنی کوردی لە ڕوویان وەستاوەتەوە. لە باری کۆمەلایەتیدا، خالێکی گرینگ کە مافی ئافرەتانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، کاک جەمال تا ترۆپک داکۆکیی لێ کردووە و هەمیشە پشتوپەنای خەڵکانی ستەمدیدە و بەشخوراو بووە و باوەڕی بە پێشکەوتن و زانست و داهێنانی نوێ هەبووە لە هەموو بوارەکاندا. لە ئەنجامیشدا، هەر ئەو خاڵەش یەک لەو هۆکارانە بووە کە بوونەتە هۆی دەربەدەریی ئەو شاعیرە لە زێدی خۆی و ئێستا خۆیی و خێزانەکەی و منداڵەکانی لە وڵاتی ئوسترالیا دەژین.

لە ڕاستیدا، زۆر کەم لە بەرهەمی ڕووناکبیرانی کورد بۆ سەر زمانە بیانییەکان وەرگێڕدراون و، گەلی کورد لەم میانەشدا هەژاریی پێوە دیارە و هەر بەو شێوەیەش لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ کوردی، واتە کاری وەرگێڕان بە گشتی لەناو کورددا وەکوو پێویست بە ئەنجام نەگەیەنراوە و ئەوانەی کاتی خۆیان لەو پێناوەدا تەرخان کردووە، زۆر نین. بەو شێوەیە، خوێنەری کورد، خۆی زیاتر هەوڵی داوە ئەدەبی نەتەوەکانی تر بخوێنێتەوە و ڕووناکبیرانیان بناسێ. گەلی کورد، مێژوویەکی دووورودرێژی ئەدەبیی هەیە، کە سەرەڕای ئەوەی بەشێکی ئێجگار گەورەی نەنووسراوەتەوە، هەموومان تا ئێستاش سوودی لێ دەبینین. چیرۆک و ئەفسانە و هۆنراوەی وا هەن کە سەدان ساڵە لە ناخی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە هەڵقوڵاون و، هەر دەم بە دەم ماونەتەوە، بەبێ ئەوەی وشەیەکیان بخرێتە سەر کاغەز، دیارە مەترسییەکی گەورە هەیە کە لە داهاتوودا، شوێنەواریان نەمێنێ و بەمەش زیانێکی تر بە کولتووری کوردەواری دەگات. هەروەک "ئیدمۆندس" لە لێکۆینەوەکانیدا لەسەر کورد پێی وایە، کورد مێژوویەکی ئێجگار دەوڵەمەندی هەیە لە بوارەکانی ژیاندا، کەچی بەشێکی زۆری لای شاراوەیە و ئەویش هۆیەکەی ئەوەیە کە لە لایەن ڕۆشنبیرانی خۆیەوە نەنووسراونەتەوە.

ئەگەر بێت و نووسەران تەنها هەر ئەوە بکەن کە ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر کورد و کوردەواری بە زمانەکانی تر هەن، بیانکەنەوە بە کوردی، ئەوا بە یەکێک لە خزمەتە هەرە گەورەکانی کولتووری کوردی دەژمێردرێ، بە هەمان شێوەش گەر بێت و بەرهەمی ڕۆشنبیرانی کورد بۆ سەر زمانی نەتەوەکانی تر وەربگێڕدرێ، ئەوا بە دڵنیاییەوە خوێنەران و نووسەرانی ئەو نەتەوانەش (هەر وەک چۆن ئێمە، ئەوان بە نموونە دەهێنینەوە) ڕستە جوانەکانی ڕووناکبیرانی کورد بە نموونە دەهێننەوە و سوودی لێ دەبینن.

گەلی کورد تەنها لەو لایەنەوە زیانی پێ نەگەیشتووە، بەڵکوو لەو لایەنەوەش کە لە سەدەکانی ڕابووردوودا، کۆمەڵێک دەستڕەنگینی ناوداری بە یەکێک لە زمانە دراوسێکان بەرهەمە ئەدەبییەکانیان پێشکەش دەکرد و بەو شێوەیەش کۆمەڵگا لێیان بێبەش دەبوو.

کتێبی " **فراشة تنتحر بأسرها** "، لە لایەکەوە هەستێکە بۆ پەرەپێدانی کاری وەرگێڕان و، لە لایەکی تریشەوە هەستی ناسکی شاعیر بەرانبەر بە نیشتیمان و ستەمی زۆرداران لە دژیدا و هەستە مرۆڤایەتییەکان دەخاتە ڕوو، بۆ نموونە لە هۆنراوەی " **أوراق**" لاپەڕە 58دا کە بۆ هەڵەبجە نووسراوە، شاعیر بەم شێوەیە هەستی دەردەبڕێ:

لي, زمن صغير يخرج من فضة عينيك
لي, نسوة عاريات يخرجن من مئوى ليل زمردي...
الشعر جاهز.. وتواريخ عشاقك مفتوحة
حذار من زهرة مشاكسة
خرجت لتوها من فسحة الرمالو
خرجت لتوها, كي تعلو أكوام العنب
والمدن الضائعة في عز حدائق الظهيرة!

جئنا.. من أين جئنا؟!
من غابة, سقطت بجانب دم الحلاج
من غابة, كان نصيبها الرسوب في دروس الكيمياء..
من غابة مجللة بداء الحروق والقيء الرمادي..

إنها غابة جميلة, رأيتها وقبل الرحيل
تركن إلى خاتمة الآمجاد..
رأيتها تصلي, وتبكي..
وتنام على كفي عرافة, تضحك وتنبئ بمجيء مطر
يحمل زخات الموت
ومذابح الصغار!
تنبىء بمجيء السفن المحملة

بعتاد الفقر, وقرصان المجاعة..

جئنا.. من أين جئنا؟
إنها جملة عنيدة كعنادك الطفولي..
إنها أغنية رائعة, كتشردك الآرجواني..

كم هي متعبة, وشاقة, أسفارك نحو بلاد القمر..
أستمحيك شعرا,
إنهم يقتادون ظلك, يقتفون أثر غفوتك..!
مطر من الذنوب..
وابل من الآعترافات المبتذلة
وذائب, تعوي.. وتعوي!

من أين جئنا؟
إنها امبرا ورية الكيمياء, تستظل بسماء فولتك
والعالم أنهار, كان يتفرج على اغتصاب نهديك..
هكذا أبصرتهم, معصوبة الضمائر واللسان
أمام خمسة أحرف:
"حاء.. لام.. باء.. جيم,
وأخرها, "التاء المدورة"!
إنها خمسة أحرف, حملت في قاع موتها
خمسة ألاف من الشموع الطاهرة!

أستمحيك شعرا..
ها هي قصتك المائية
وها هي قصيدة جثتي, تحملني..

وأنا, أنتظر مجيئك في محطات لآفق الآخيرة..
فليكن موعدنا, لقاؤنا, في "حكايات جدتي"!
فليكن حبنا الطوعي, موعدنا مع الموت القسري
منقوشا على أوراق سقطت في الآتي
وتورق في الماضي..
أوراق سقطت من جغرافية كائن, كان اسمه "حلبجة"!

http://www.nuserikurd.com ئا: نووسەری کورد
2003.06.02